www.kurdistannet.org
14-6-2006 20:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەژار عومەر بە ئاشکرا قسە بکەو... منیش بەرگری لە کەس ناکەم!! ... فریاد هیرانی

fhirany@hotmail. com



سەرەتائەڵێم من (فریاد هیرانیم) ئەدرێس و ئیمێڵ و ئەوەش تەلیفۆنەکەم 07701927944با کاک هەژار ئەگەر ویستی زانیاری بزانێ لەسەر ئەم هەموو گەندەڵییە زەبەلاحانەی کە من باسم کردووە و من ناوێرم باسی بکەم با خۆی وەک لە نووسینەکەی باسی کردووە (کە من ناوێرم بەڵام ئەو ئەوێرێ!!!!!) با پەیوەندیم پێوە بکات و زانیاری ئەدەمێ.... ... جگە لەمەش من نازانم کەی هەندێ کەس هەن فێری خوێندنەوەی وتارێکی رۆژنامەنوسیی ئەبن ئەگەر کاک هەژار وردتر نوسینەکەم بخوێنێتەوە و بە ئەعسابێکی ساردلە ناوەڕۆکی نووسینەکە بگا ئەوا ئەبێ تێبگا کە من مەبەستم ئەوەیە ئەوەی لەسەر حاکم قادر باس ئەکرێت (کە لە بەرنامەکەشدا کاک لاوەند نەیتوانی بە بەڵگە بیسەلمێنێ) ئەوە هەر هیچ نیە لە چاو ئەو گەندەڵیە گەورانەی کە من ئەیزانم و بە ڕاستیش ناوێرم بیلێم و هێشتا کاتی نەهاتووە!!!.... واتە ئەوەی من باسی ئەکەم و ئەمەوێ بە چرپە بە گوێی خوێنەری بچرپێنم ئەوەیە کە گەندەڵیی هەر ئەوە نیە کە حاکم قادر پارچە زەوی داوە بە رەفیقێکی خۆی یان نا! گەندەڵیی، ئەوە گەندەڵییە بە لەحزەیەک چەند ملیۆن دۆلارێک (قلوف!!!) بکەیت... ئاخر کاکە هەژاری بەڕێز ئەوەی من باسی ئەکەم و گەندەڵچی خۆی تێئەگا مەبەستم چیە؟... ئەوا ئەگەر تۆ لە هونەری نووسین و چۆنیەتی داڕشتن و دەربڕین تێ بگەیت ئەبێ ئەوەت لا ساغ بێتەوە کە مەبەستی من بەرگری کردن نیە لە حاکم قادر، بەڵکو لەم رێگەیەوە ئەمەوێ بە خوێنەری بڵێم شتی زۆر گەورە گەورە هەیە...

چاوەکەم کاک هەژار بە زمانێکی زۆر بەسەرچوو ئەنووسێ کەسێک بە ناوی (فریاد هیرانی) .. پاشان دێت ئەڵێ فەزاحەتەکانی فریاد... باشە برام تۆ یەکلاییکەوە من ئەناسیت یان نا؟ ئەگەر ئەمناسیت بۆ وەک ئەوەی کەسێک ناوێکی تازە بێت ئەڵێی کەسێک بەناوی فریاد هیرانی ئەی ئەگەر نامناسیت چۆن فەزاحەتی من ئەزانی!!!! ئاخر سەیر لەوەدایە کاتێ کەسێک بە ناوی خواستراو هاتە نێو موناقەشەیەک هەر ئەم جۆرە شتە دژ بەیەکانە ئەڵێت چونکە لەوە ناترسێت ئاشکرا بێت یان ئەگەر لە گفتوگۆیەکە بدۆڕێنێ پێی سەخڵەت بێ.... بە ناوی خواستراو ئەنووسێ ئەگەر سەرکەوت ئەوە باشە ئەگەر ژێریش کەوت ئەوە خۆی لە گێلی ئەدا وا نیشان ئەدا هەر ئەو نیە (وەک مەسەلە کوردیەکە وایە ئەگەر ئاشکرابووم ئەزم ئەگەر ئاشکراش نەبووم دزم!) ئەمەش بۆتە دیاردەیەکی زۆر خراپ و نابەجێ لە رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کە بەراستی بەرپرسانی ماڵپەرەکان لەم فەوزایە بەرپرسن چونکە هەموو کەسێک ئەتوانێ بە چەند دەقیقەیەک 100ئیمەیڵ دروست بکا و هەر یەکەیان بۆ جارێک بە کاری بێنێ... ئەگینا ئەگەر کاک هەژار ناوێکی خواستراو نیە با بێ باک بێت لەوەی کە شتی هەبێ لەسەر من وە ئەگەر راستیش ئەکا لە سلێمانیە با وەک من بە ئاشکرا قسە بکا و خۆی لە ژێر پەردە نەشارێتەوەو ئەگەر ئەوەندە ئازایە با خۆی ئاشکرا بکا و ژمارە تەلەفۆن بنووسێ و نەترسێ.. مادام ئەوەندە گلەیی لە من هەیە کە من نووسیوومە ناوێرم باسی شتە گەورەکان بکەم ئێستا، ئەگینا ئەگەر ئەم کاک هەژارە وا نەکا ئەوا منیش ئامادەنیم لەگەڵ کەسێک گفتوگۆ بکەم لەلایەک موزایەداتمان بەسەردا بکا لەلایەکیتریش خۆی بشارێتەوە!!

من راشکاوانە لە هەموو شتێک بێباکم وە کە ئەو باسی وەرگرتنی زەوی ئەکا کە گوایا حاکم قادر زەوی دابێتە من، من زەویم وەرگرتووە هەقی خۆشمە وەک هەر هاوڵاتیەک (جارێ باسی ئەوە ناکەم وەک پێشمەرگەیەکی دێرین یان نوسەر و رۆژنامەنوسێک) بەڵام لە لای حاکم قادر نا و لە شارەوانی سلێمانیش نا بەڵکو لە بەکرەجۆ و هەروەها بە بڕیاری بەڕێز (د. بەرهەم صالح) کە ئەو کاتە سەرۆکی حکومەت بوو دیارە کاکە هەژار لەم زانیاریەشی زۆر هەژاربووە!!

وە من ناڵێم هیچ داوایەکم لە حاکم قادر نەکردووە بەڵام چۆن داوایەک هاوڕێیەکی زەمەنی پێشمەرگایەتیم کە سێ جاریش برینداربووە و جەستەی تەواو نیە کە خۆی و شەش مناڵی لە کەلاوەیەک ئەژیان مانگانە بە 30000سی هەزاردیناری ئێستا کە ئەکاتە 10 دۆلار ئەوەندە وەزعی خراپ بوو ئەم کرێیەشی پێ نەئەدرا بە راستی من کە بە وەزعی ئەم هاورێیەم زانی چاوم دونیای نەئەبینی و یەکسەر لەگەڵ خۆم بردمە لای حاکم قادر و گوتم لەم ژوورە دەرناچم تا پارچەیەک زەوی نەدەیتە ئەم بەڕێزە بە سوپاسەوە حاکم قادربۆی جێبەجێ کرد.... من ئەم داواکاریەم لای حاکم قادر بۆ جێبەجێ کراوە جا ئەگەر ئەمە فەزاحەتی من بێ شانازی پێوە ئەکەم.... .... بە هەرحاڵ نامەوی زیاتر درێژە بدەم بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم: با ئەم کاک هەژارە وەکو منی ترسنۆک بوێرێ خۆی ئاشکرا بکا!!!! ئەدرێس

**بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**14-6-2006 20:12

**و تەلەفۆن و ناوی راستی و هەموو شتێکی وەک من بڵاوبکاتەوە ئینجا منیش گفتوگۆیەکی هێمنانەی لەگەڵ ئەکەم وئەو قسانەی کە فڕێی داوە و ئەو بوختانانەی کە نووسیویەتی بۆی ئەسەلمێنم کە هیچی وانیە وە ئەگەر هەر واش بەردەوام بێت و نەوێرێ وەک من بە ئاشکرا قسە بکا ئەوا ئەم نووسینەی من دوا نووسینە و ئامادەنیم لەگەڵ کەسێکی وا (ئازا و چاونەترس!!) هیچ وگفتوگۆیەک بکەم و با بۆ خۆی هەر بڵێ! ئەگەر بە پێچەوانەش بوو ئەوا بە رێز و تەقدیرەوە گفتو گۆ ئەکەین**